# یادی کارێکی پاک و لاوێکی بێباک

## فتوای جهاد بە هێزی تۆپ و تانگ و فرۆکە
## نەک بە شمشێر و سواری وشتر و پێی پیادە

ڕۆژی 28ی مرداد (28ی گەلاوێژ) لە دەورانی دەسەڵاتداری محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی دا ڕۆژێکی گرنگ بوو، لایەنگرانی شاە شانازیان بەوەوە دەکرد کە لەو ڕۆژەدا کودتای (**دوکتۆر محەممەدی موسەدیق**)یان تێکشاندووە. لایەنگرانی (موسەدیق)یش دژایەتی شایان دەکرد کە لەو ڕۆژەدا حکومەتی میللی دوکتۆر موسەدیقی لەناو بردووە. ڕابەرانی دەولەتی ئیسلامی ئێرانیش لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕێز بۆ ئەو ڕۆژە دادەنێن. لەو ڕۆژەدا **ئایەتوڵا خومەینی فتوای جهادی** خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.

ئەگەر چاوێک بە شار و گوند، بە شیو و دۆڵ و کێوەکانی کوردستاندا بگێڕین، هەندێ گۆڕی کۆن بە تاک دەبینین کە ڕۆژانی تایبەتی خەڵکی دەرۆیشتنە دەوری و دەستیان دەکرد بە ماچ کردنی کێلی گۆڕەکە، دەوروبەری گۆڕەکەیان خاوێن دەکردەوە. بە گریانەوە ئەپاڕانەوە لەو گۆڕە کە نیاز و مەبەستیان بۆ بەدی بێنی، ئازار و نەخۆشیان لێ دوور خاتەوە. پێم وابێ هەمووومان سەبارەت بەو گۆڕانە ئەو پرسیارمان لە باوک و دایک و خزم و کەسمان کردبێ:

**– ئەو گۆڕە، گۆڕی کێیە؟**
**+ گۆڕی پیر محەممەدە – پیر خەزایی – سەقز**
**+ گۆڕی ئەسحابە سپییە – سلێمانی**
**+ گۆڕی ئیمامزادە محەممەدە – کرماشان**
**– بۆچ لێرە نێژراون؟**
**+ ئەوانە ئەسحابەی پێغمبەرن، هاتوون بۆ غزا کردن و لێرە بە دەست کافران شەهیدن کراون.**

پاش ڕاگەیاندنی فتوای جهاد هێزەکانی ئەرتش و سپای پاسداران و .... ئێرانی بە سواری **ماشین، فرۆکە، هێلیکۆپەر و تانگ** هێرشیان هێنایە سەر خاکی کوردستان، شار و گوندی کوردستان کرا بە گۆمی خوێن، یاسای کافر و مفسد و پرۆسە تالان و غەنیمت(**مصادرە**) بەرێوە برا! ئەگەر بڵێم ئەو پرۆسە ئێستایش بە پێی دەستوری ئیسلامی و لەسەر **پەرژەوەندی ناو و خاکی ئێران** لە کوردستان لە سەر نەتەوەی کورد پیادە دەکرێت قسەیەکی دوور لە ڕاستیم نەکردووە.

لەو دەورانەدا کە خومەینی فتوای جهادی کوردی ڕاگەیاند، **ئاتوڵا تاڵەقانی ئازایخوازی زیندانکراوی زەمان شاە لە تەلەڤیزیۆنی تارانە لە کاتی خوتبەی نوێژی هەینیدا** ژ 3 **بەدەست، دەیگرمان و دەیفەرموو: ئەگەر پێویست بێ لە سەر ئەمری ئیمام چەک هەڵئەگرم و ئەرۆم بۆ کوردستان.**

خەڵکی کوردستانیش کەوەتە بەرگریکردن لە خۆ، لە شار و گوند و ماڵ و مناڵی خۆ.

لە هەر دوولا کوژراوە، جا کێ شەهیدە و کێ تاوانبارە ئەگرێتەوە بۆ **هۆشیاری** من و تۆ!

هەر کەسێک ئەوەی کە لەو دەوانەدا، لە پرۆسەی ئەو هێرش و بەرگریکردنەدا بینیویە، ئەگەر خۆی تۆزێ ماندوو بکات و بینووسێتەوە **دەبێتە مێژوونامەیەکی نوێ، بۆ نەوی نوێ!**

### به یارمەتی دووربینی مێشک و چاو

**ئەوەی دەیخوێنیەوە، داستان و چیرۆک نییە، فیلم و شانۆ نییە، ڕووداویکی ڕاستە قینەیە و خەڵکی شارێک بینیویەتی!**

بێ ڕازاندنەوە، بە زمانێکی سادە ئەوەی کە بینیومە ئەخەمە بەردەست، بەڕاستی ئەزانی یا نا، ئازادی.

لە یەکم هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ شاری سەقز، بەرگریکردنێکی خۆ بە خۆ ڕێکەوت. هیزی دوژمن لە جادە سنەوە هاتبوو، خۆی گەیاند بووە سەر تەپێک بەناوی تەپی **قەرچیئاوا**، ئەو شوێنە زاڵ بوو بەسەر بردی نێوان شار و گەرەکەکانی حەماڵئاوە و قەرچیئاوا. لەو تەپەوە بە تیربار(**ڕەشاش**) تەقەیان لە گەرەکی (**کانی هەیازبەگ**) و ساختمانێکی دوو نهۆم بەناوی هۆتێلی (**جەلبی سەییاحان**)کە بەس دیوارەکانی دروستکرا بوو، دەکرد. لەم بەریشەوە بە تفنگی بڕنەو، ژ 3 و کالاشینکۆف و.... وەڵامیان ئەدانەوە.

زۆربەی ئەوانە سەرچاوەی خۆیان وەها داپۆشیبوو کەس نەیئەزانی کێن، لە کاتی قسەکردن و بانگکردن لە یەک چەن کەسێکیانم بە دەنگ ناسییەوە کە دووکاندار بوون، بەڵام ئەوان هەستیان بەو نەدەکرد. لەو کاتەدا کوڕێکی تەمەن 17 و 18 ساڵە هاتە پێشەوە، بە ئارامی رووی کردە ئێمە و کوتی: **ئەمەوێ لە ژێر پردەکەوە بڕۆم بۆ قەرچیئاوا، هۆشتان بێ تەقەم لێنەکەن.**

پێمان کوت: **کاکە، تۆ چۆن ئەو کارە ئەکەی، ئەوە نییە لەوێوە تەقە ئەکەن؟!**

زۆر لە سەرخۆ کوتی: **ئەزانم تەقە ئەکەن، بەڵام کارم هەیە و ئەبێ بڕۆم.**

لەوە زیاتر هیچ نەوت، بە پەلە لە دیوارەکەوە بازیدا خواروە و خۆی گەیاندە ژێر پردەکە و کەوتە رێ. لە پەنای **پاکڵەکان(پایەی پردەکە)** لێمان ون دەبوو، پاشان دەمانینییەوە. لەم ماوەدا تەقە کردن لە هەر دوو لاوە بەردەوام بوو. کاتێکمان زانی کوڕەکە لەو بەری پردەکە دەر کەوت و **رووی کردە تەپەکەی قەرچیئاوا کە لە وێوە بە تیربار تەقەیان دەکرد.**

کوڕەکە بەرە بەرە ئەچووە سەر، لەناکاو گرمەیەکی توند هات و گڕێک لە لوتکەی تەپەکە بەرز بووە و کوڕەکە بە راکردن گەڕایەوە خوار. **تەقەی تەپەکەی قەرچیئاوایش نەما !**

کاتێک کوڕەکە بەژێر پردەکەدا هاتەوە ئەمبەر، **تیربارێکی بە سەرشانەوە بوو،** لەو کاتەدا کوڕ بە تیربارەکەوە کەوتە **سەرشانی خەلک، کرا چەپلە لێئەدا و هاوار کردن، چەن کەسیکیش فرمێسکی شادی لە چاویانا قەتیس ببوو.**

ناوی کۆرەکەوە ناوی باوکییم لە یادە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئاگاداری ژیانیان نیم، بەباشی نازانم ئاماژە بە ناوەکانیان بکەم. **

**راستی ئەو کارە ئەگەر لە ناو نەتەوەیەکی دیکەدا رووبدایەت بەو جۆرە لە بێدەنگیدا دەمایەوە، یا دەیان فیلم و شانۆ و هەڵبەستی بەریگریکردن (مقاومەت و حەماسی) لێدروست دەکرا ؟!** بەو هیوایە لە داهاتوودا چەن دێڕێکی کە ئامادە بکەم!



**یاد**

**لەگەڵ خەمی هەژاراندا بژی یا لە پەنای زاڵمان**
**بە شاخی سەرسەختانەوە بی یا لە جیێگەی پەستەکان**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن !**
**ئەویان چلۆن !**

**فکری خاوەن تۆپ و تانگ و فکری خاوەن علیم و فەن**
**فکری شەیدای فرۆڤدۆستی و فکری شەیدای ژاروژەنگ**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن !**
**ئەویان چلۆن !**

**مینای شەرابی ئەڤین و سەمدانێکی مەرگ هێنەر**
**تۆفانێکی زیانبەخش و شنەیەکی گوڵپەروەر**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن !**
**ئەویان چلۆن !**

**فتوای جهاد بەی یا ئەمری ئاشتی**
**بە راستی بژی یا بە شەیادی**
**لە بۆ هەر دوویان یادت ئەکەنۆ**
**بۆ ئەمیان چلۆن !**
**بۆ ئەویان چلۆن !**



**یاد**

**لە چاپخانە پیتەکان بەلای یەکەوە رائەگرن**
**مرۆڤەکانیش لە کوردستان**
**ئەویان ئەبێت بە پەرتووک**
**ئەمیش ئەبێت بە گۆڕستان**

تکا لە تۆی سەروەر ئەکەم ئەگەر ناوی وێنەگری ئەو وێنەی سەرەوە کە هی فرۆکەخانەی سنەیە ئەزانی یارمەتیم بکە.
وینەی خومەینی و بەنیسەدەر هی رۆژنامەی کەیهان لەندەنە.

سەعی سەقزی qayshi@yahoo.com
2009/8/10